# بێگومان خودا چەند فەرزێکی لەسەر داناون دەی مەیان فەوتێنن، وچەند سنورێکی بۆ دیاری کردون دەی سنورەکان مەبەزێنن، وچەند شتانێکی لەسەر حەرام کردوون دەی ئەنجامیان مەدەن وخۆ بەدور بگرن، ولە شتانێکیش بێ دەنگ بووە وەکو ڕەحم پێتان؛ نەک لە بیری چوبێت، بۆیە ئێوەیش بە دواي حوكمەكانياندا مەگەڕێن

لە ئەبی سەعلەبەی خوشەنیەوە کەناوی جورسومی کوڕی ناشیرە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا - صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: « بێگومان خودا چەند فەرزێکی لەسەر داناون دەی مەیان فەوتێنن، وچەند سنورێکی بۆ دیاری کردون دەی سنورەکان مەبەزێنن، وچەند شتانێکی لەسەر حەرام کردوون دەی ئەنجامیان مەدەن وخۆ بەدور بگرن، ولە شتانێکیش بێ دەنگ بووە وەکو ڕەحم پێتان؛ نەک لە بیری چوبێت، بۆیە ئێوەیش بە دواي حوكمەكانياندا مەگەڕێن».

[قال النووي: حديث حسن] [رواه الدارقطني في سننه وغيره]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە الله هەندێك شتی واجب کردووە و چەند فەریزەتێکی وەکو فەرز داناوە، جا پابەند بن پێیانەوە و تێیاندا کەمتەرخەم مەبن بە وازلێ هێنان یان بە پشت گوێ خستن، هەروەها بەربەست و دوورخەرەوەی دیاریکراوی بۆ داناون کە ئێوە دەپارێزن و ڕێگریتان لێدەکەن ودوورتان دەخەنەوە لە تووشبوون بە ئەوەی کە پێی ڕازی نییە، جا زیاتر ئەنجام مەدەن لەوەی کە شەرع فەرمانی پێکردووە، هەروەها حەرامکراوەکانی حەرام کردووە لەسەرتا، بۆیە لێیان نزیک مەبنەوە، جگە لەمانە شتەکانی تری وازلێهێناوە و بێدەنگ بووە سەبارەتیان وەکو ڕەحم پێتان، و لەسەر بنەمای ڕێگەپێدراوی خۆیان دەمێننەوە، کەواتە بەدوایاندا مەگەڕێن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66510